# دڵێكی بچوك.. بەڵام پڕنوور

/فەتاح ئەحمەد
یەكگرتوو/ زەرایەن

ئەو هەرچەندە بە تەمەن منالە و لە خێزانێكی هەژار و سادەدا پەروەردە بووە، بەڵام بەتوانا و خاوەن بەهرە و بیرتیژ و زۆر وریا دەردەكەوێت. لە ڕواڵەتیدا پاكی و بەهرە و ئومێد دەخوێنیتەوە، كە ئەگەر دەستگیرۆیی و هاوكاری هەبێت، لە داهاتوودا ڕەنگە ببێتە كەسێكی عەبقەری و لێهاتوو و بەتواناتر..

(محەمەد ئەحمەد مەجید) لە (٢٠٠١/١/٢١) لەدایكبووە و دانیشتووی هەڵەبجەی تازەیە، ئێستا پۆلی سێیەمی بنەڕەتیە لە قوتابخانەی شارەزوور. ئەو ئێستا پێنج جوزئی یەكەمی قورئانی لەبەرە. ئەو دەڵێت لە شەش ساڵییەوە دەستی بە قورئانخوێندن كردووە و بۆ ئەم كارەش دایكی یارمەتیدەری بووە.

(محەمەد) دەڵێت: لەبەركردنی قورئان لە خوێندنی قوتابخانە پاشی نەخستووە و هیچ گرفتێكی بۆ دروست نەكردووە، بەڵكو بەپێچەوانەوە.. ئەو لە خوێندنیشدا قوتابییەكی زیرەكە و لە نیوەی ساڵدا بەیەكەم دەرچووە. وریایی و پەروەردە و زیرەكی محەمەد وای كردووە لای مامۆستاكانیش خۆشەویست بێت، وەك خۆی دەڵێت، تا ئێستا چەند جار مامۆستاكانی دیارییان بۆ كڕیوە. ئەوەی (محەمەد) پێی بێ تاقەت بوو لەو سنوورە پێشبڕكێی لەبەركردنی قورئان نەبووە و تا ئێستا بەشداری هیچ پێشبڕكێیەكی لەبەركردن و خوێندنەوەی قورئانی نەكردووە.

(محەمەد) لە تەجوید و خوێندنەوەی قورئاندا شارەزایی باشە، هەروەها ئامادە بوو پرسیاری لەسەر ژیانی پێغەمبەر لێ بكرێت، تا وەڵامی بداتەوە.

پەیامی (محەمەد) بۆ هاوتەمەن و هاوپۆلانی، ئەوە بوو كە قورئان بخوێنن و لەبەری كەن و هەوڵ بدەن لە قوتابخانە زیرەك بن و گوێڕایەڵی فەرمودەی پێغەمبەری خوابن، چونكە یەكەم ئایەت بۆی دابەزیوە، (اقرأ)ە، كە داوای خوێندنی لێ دەكات.



# حكومەت و خاوەن بڕوانامەكان لەبەردەم ترسی دامەزراندندا



شوان ئەحمەد بەستەسێنی

ساڵانە بە بەردەوامی بەهەزاران خوێندكار لە زانكۆ و پەیمانگاكاندا دوای كۆششێكی زۆر و چەند ساڵە دەگەنە دوا قۆناغ و (تخروج) دەكەن و بڕوانامەی زانستی جیاجیا هەڵدەگرن و لە ئاهەنگێكی قەشەنگدا چەند پلەبەرزێكی حكومی و وەزیر و چەند بەرپرسێكی تری حیزبی قسەی زلیان بۆ دەكەن و سوێندی یاساییان پێ دەخۆن و بڕوانامەكانیان پێ دەبەخشن، بەڵام ئەو هەموو ڕەنج و هەوڵدان و قسە زلانە دوای چوونەدەر لە هۆڵی ئاهەنگ، دەبنە كێوی خەم و بلقی سەر زەریای هێمنی ناهێمن و خوێندكارانی دەرچوو تووشی شۆك دەكەن، كاتێ دەبینن بە هەزارەها دەرچووی پێش ئەوان بەدەست بێكاری و دانەمەزراندنەوە دەناڵێنن، ئیتر دنیای ڕەشبینی و بێ هیوایی بەرچاویان دەگرێت.

ئەمڕۆ هەر تاكێكی دەرچووی زانكۆ و پەیمانگا بگری، لەبەردەم ترسی دانەمەزراندندا دەریایەك گرفتی لەناخدایە و چەندین نموونەی پێیە، كە هاوڕێكانی بەدەر لە بڕوانامەكانیان، یان كرێكاری دەكەن، یاخود لە بوارە زانستییەكەیان لایانداوە و ڕوویان لە بواری سەربازی كردووە، ئەمە جگە لەوەی بوونەتە كاڵایەك بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و لە سەروبەندی ئەو پرۆسەیەدا و كۆمەڵێك خەڵكی تر بازاڕی بازرگانی بەوان گەرم دەكەن و لەبەردەم شوێنێكی وەك بینای پارێزگای سلێمانی هاوار دەكەن (دامەزراندن بە (٥٠٠) دیناری بریمەر...)!!

لەلایەن خۆیەوە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش لەبەردەم دانەمەزرانی ئەو لێشاوە زۆرەی خاوەن بڕوانامەكاندا، ترسی لێ نیشتووە و هەر ڕۆژەو لێدوانێكی فەرمی جیاواز دەداتە ڕاگەیاندنەكان، چونكە ئەمڕۆ (٧٠ %)ی بودجەی هەرێم بۆ مووچەخۆرانە، بۆیە جێی خۆیەتی بۆ چارەسەری ئەو مەترسییەی دامەزراندن، حكومەت و خاوەن بڕوانامەكانیش كار بكەن بە یاسایەك تا ئەم بابەتە چارەسەر بكرێت و چیتر خەڵكێك بە واستە و ئەملاولا دانەمەزرێت و كۆمەڵێكیش بێبەش بكرێن.

لایەكی تری ئەم ترسە ئەوەیە كە زۆربەی بەڕێوەبەرێتی فەرمانگە و ناوەندەكان لە هەر وەزارەتێك بگری، پێویستی بە فەرمانبەر هەیە، ئەمەش ئەو پرسیارە بەدوای خۆیدا دێنێ كە ئایا ئەو هەموو مووچەخۆرە، كە (٧٠%)ی بودجە دەبەن، لەكوێن؟! ئایا بەشێكی زۆریان لەبری مووچەخۆر، مشەخۆر نین؟! ئەی ئەو هەموو دامەزراوە وەهمی و بن دیوارە چی.. كە جاروبار ئاشكرا دەبن؟!!

چارەسەرێكی تری ترسی دامەزراندن لە كاراكردنی یاسای خانەنشینیدا دەبینمەوە لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە، بەوەی لە تەمەنێكی دیاریكراودا فەرمانبەران لە كاری فەرمانبەری دووری خاتەوە و كەسی تر لەو خاوەن بڕوانامە پسپۆڕ و بێكارانەیان لە جێگادا دابنێ. هەروەك لایەكی تری كێشەكە دامەزراندنی هەزارەها كەسی بێ بڕوانامەیە، كە ناكرێ لە كارەكانیان لابرێن، بەڵام ئێستاش بە واستە لەو بێ بڕوانامانە دادەمەزرێن و جێگای دەرچووەكانی زانكۆ و پەیمانگان پێ دەگرن.

بە بڕوای من حكومەت دەتوانێ چارەسەرێكی دیكەش بەكاربێنێ، كە ئەویش بە یاسایەك دامەزراوە خاوەن بڕوانامەكانی كەرتی تایبەت لە پێدانی مافەكانی لە ئایندەدا هاوتای دامەزراوەكانی حكومی بكات، بەوەی لە كاتی پیریدا خانەنشین بكرێن، یان لە كاتی مردنیاندا هەمان مافی دامەزراوە حكومییەكانیان پێبدات.

ئەوەی لای هەمووان دیارە، ماف دەسەنرێت، نەك ئەوەی بدرێت، بۆیە دووبارە جەخت دەكەمەوە لەوەی لەسەر دەرچووان و حكومەتیش پێویستە لەخەمی داڕشتنی یاسایەكدا بێ تایبەت بە دامەزراندن، كە زۆرینەی دەرچووان ڕازی بكات و حكومەتیش لەو گێژاوە دەربێنێ و بەرچاوی نەوەی دوای خۆشیان ڕوون بكەن و لەبری وازپێهێنانیان لە خوێندن، ئاییندەیەكی گەش بخوڵقێنن بۆیان، نەك ڕەشبینی و خەمخواردن لە كۆششێك، كە بنەماڵە و حكومەتیش بەلایەكی تردا تێیدا ماندوو بوون لەگەڵ ئەم تاكە خاوەن بڕوانامەیەدا.

# گەنج لە خولگەی قەیرانەكانیدا

سەركەوت قادر حوسێن
هەولێر

گەر سەیرێكی گەنج و لاوی ئەم پارچەی كوردستانی لەمەڕ خۆمان بكەین، فرمێسكی میهر و سۆزی هەر تاكێكمان ئەبێت بە باران و ئەتكێت بەسەر ناخ و ویژدانماندا، چونكە نوقمی زەلكاوی نەزانی لەبەرامبەر ڕاستییەكان و بێ ئیرادەیی لە مافەكان و كپ و سەركوتبوونی لەئاست هەر پێشێلكارییەك كە دەخوازێ تێبینی خۆی هەبێت، بۆیە دەپرسین دەبێ چی بكرێت تا چارەسەری ئەو ئازار و كێشەگەلەی گەنج بە شێوەیەكی دادوەری و نەرمونیانی بكات؟ بۆچی دۆخەكە وا خولقاوە، ئایا ئەتنە سەرەكییەكان (خێزان + كۆمەڵگا + ڕێكخراوەكان + دەسەڵات) نەبوونەتە مایەی ئەو دەرد و پەتایە؟ یاخود گەنج بووەتە سەرئێشە و ناڕوونی ئاوەزی خۆیەوە؟ چۆن بتوانرێت ئەو بێ ئومێدی و ڕەشبینییەی لە هەست و نەستیدا لاببرێت ..

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە هەر پێنج تەوەرە بەدوای یەك بەخودی گەنجیشەوە بێ گوناه نین لە ئاڵۆزكردنی ئەو بارە و بەرەو زیاتر بردنی خێزان كە بنچینەی یەكەمینی پەروەردەبوونیەتی، ڕۆڵی بینیوە لە دامركاندنەوەی خولیا و ئاواتەكانی و بەرجەستەكردنی پێداویستییەكاندا ئینجا بەرەو كۆمەڵگە تێپەڕین، ئەمیش نەك دەبێتە پاڵپشت بۆی، بەڵكو لەبیر پەرتەوازەكردن و بە بایەخ نەڕوانین بۆ تاكێك كە بیرۆكەیەك یا داهێنانێك ئەنوێنێت، دواتر بۆ گروپ و ڕێكخراوگەلیش لەسەر بنەمای بەئایدۆلۆژیاكردنی هزر و كردنە داردەست و وەستاوە لەپاشدا سەركێشانی بۆ دەسەڵات، دەشێ خزمەتی گەنج بكات، تا ئێستا لە نەبوونی بەرنامە و دركنەكردن بە داخوازی گەنج سڵی نەكردۆتەوە جگە لە لێكتێنەگەیشتن لەنێوانیاندا، بۆیە پێویستە لەسەر هۆشیاریان بكاتەوە لە پێشخستنی زانستیاندا هەر بە كردنەوەی خولەكان و پەرەسەندنی بەهرەیان و لە پەرەدان بە شوناس و سەرمەشقی داب‌ونەریتیاندا، لە بواری ئابوری و وەبەرهێناندا خولی تایبەتیان بۆ بكاتەوە، تا چیتر كۆمەڵگاكەمان ئاتاجی كاڵا و كەلوپەلی هاوردەی وڵاتانی دراوسێ نەبێت، هەروەها یارمەتیدانیان لە پرۆسەی هاوسەرگیری و خستە سەركاری بێ دەرامەتان، زۆری تریش دەبوایە لە ئەولەویەتی ڕێنامەی حكومەتدا پراكتیزەی كردبایە، لە ئیدامەكردن لەگەڵ ئازارەكانی و هەوڵی چاكسازی بۆیان، چونكە ئەو توێژە كوچكەیەكی بەتینە، تا كۆمەڵگە ڕابگرێت و ئەكتیڤبوونی لە چێكردنی دەزگا و دامەزراوەی وریاكەرەوەدا تەنانەت متمانەبوونی بە دەسەڵاتێك كە بزانێ هاوخەمیەتی و كاركردن تیاشیدا، تا هەست بە بوون و ئیرادەی نایابی بكات و گەڵاڵەبووی هەستی لێپرساویەتی لە هزریدا بە پرنسیپی دڵسۆزی و خزمەتكردن و پەندوەرگرتن لە كەسانی بەوانە و ئەزموونتر تا ببێت بە چرایەكی درەوشاوە و سیمای بەرخودان و چاكسازی و ژیاندنەوەی لێ ڕەنگ دەداتەوە، ڕێنماییەكانی تەژی لە مانا و سوود تا گۆڕانكاری لە دەوروبەر دەكات و ڕێچكەی ڕاستیان پێ دەگرێتە بەر، بەڵام كوا؟ ئەوە نییە گەنجی ئێمە عەقڵی دەدزرێت، كەسایەتی لێ ڕادەماڵرێت و لێی‌ون دەكرێت، قەیرانگەلی بێزراوی وەك تلیاك و ماددەی هۆشبەری بە هەر فاكتەرێك بێت بۆی دەنێردرێت، لە سەرێكی ترەوە بێ بەهرەمەندبوون لە سادەترین مافی خۆپیشاندان و یاخیبوونێك كە بیگەینێتە هەقیقەتی شتەكان و ڕوونبوونی كرداری ئەوانەی یاری بە چارەنووسی دەكەن و بیركردنەوە و بۆچوونێكی ئازاد كە پێشتر پەی پێ نەبردبێ تا گەندەڵكار و نایەكسان خوازەكان بناسێت، ئەوسا بۆ مەیسەربوونی قەیرانەكان چەند خاڵێك دەوروژێنین، كە پێویستە حكومەتی هەرێك لەخەمیاندا بێت:

١ - پرۆگرام داڕشتن بۆ ئەو كەموكورتیانەی كە ڕوبەڕووی بۆتەوە و كردنەوەی هەلی كار و دامەزراندن و بەهێزكردنی بواری ماددییان.

٢ - فەراهەمكردنی پێداویستییە مەعنەوییەكان بۆی كە دانەبڕێت لە خوێندن و ڕۆشنبیری هەمەلایەنە، تا گوزارشت لە واقیعی خۆی بكات.

٣ - دۆزینەوەی ئەو گرێكوێرانەی دووچاری سەدان دیلرو نامۆ و غەریبی كردووە، دانانی (٤) ڕێوشوێن و جێگرەوەیەك بۆیان.

## ستێپ ٧



# ئەو كاتەی ڕەشەبا هەڵدەكات.. من دەخەوم!!

هیوا حامد*
لە (لوبنان)ـەوە دەینووسێت
hiwa197800@yahoo.com

یەكێك لە گرفتە سەرەكیەكانی كاربەدەستان، جا حیزبی بێت، یان حكومی، ئەوەیە كە سەركەوتوو نابن لە دۆزینەوەی كەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، یان بۆ كاری شیاو. لەوەدا ڕووی گلەیی لەوانە، چونكە بەڕاستی ئەوان هێندەی گیرۆدەی ڕواڵەت و پێوەرە ڕووكەشەكانن، هێندە خۆیان بە جەوهەر و ناخی ئەو كەسانەوە ماندوو ناكەن كە كاریان پێ دەسپێرن. سەرەنجام لە كاتی زەمینەلەرزینەكاندا ڕووی ڕاستەقینەی ئەو جۆرە كەسانە و هەڵەی كاربەدەستانیش لە دەستنیشانكردنیان دەردەكەوێت. ڕەنگە كاربەدەست و بەرپرسان بیانەوێت بەوە پاساو بۆ خۆیان بهێننەوە كە (مرۆڤ زاهیربینە و باتن تەنها خوا دەیزانێ)، بەڵام باسەكە لێرەدا پەیوەندی بە زاهیر و باتنەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی بە خەمخۆری ئەو بەرپرسەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی باشترین كەس بۆ كارەكە، ئەگینا گومان لەوەدا نییە كە (زۆرن ئەوانەی گورگن و خۆیان لە پێستی مەڕدا شاردۆتەوە).

با بێمە سەر چیرۆكی ئەمجارە و پێم وابێت ئەوەی تا ئێستا حاڵی نەبووبێت، دوای خوێندنەوەی چیرۆكەكە تێدەگات مەبەستم چییە.

دەڵێن پیاوێك كێڵگەیەكی كشتوكاڵی دەبێت، جگە لە كشتوكاڵ، پەلەوەر و هەندێ ئاژەڵیش بەخێو دەكات. كێڵگەكە دەكەوێتە كەناری دەریایەك، بۆیە هەندێك جار باوبۆرانی بەهێز هەڵدەكات و زەرەری زۆر بە خاوەن كێڵگە كشتوكاڵییەكان دەگەیەنێت. كابرای خاوەن كێڵگە دوای ئەوەی بەتەمەندا دەچێت، بیر لەوە دەكاتەوە كرێكارێك بەكرێ بگرێت تا هاوكاری بكات لە بەڕێوەبردنی كێڵگەكە. بەو مەبەستە ڕوو دەكاتە مەیدانی كرێكاران، دوای گەڕانێكی زۆر، بە پارەیەكی گونجاو كرێكاری دەستناكەوێت، چونكە هەموویان باس لەوە دەكەن كە كارەكە گرانە، بۆیە داوای پارەی زۆر دەكەن. سەرەنجام كرێكارێكی لاواز ئەدۆزێتەوە لە ناچاریدا داوای لێ دەكات كە كاری لەگەڵدا بكات. لێی دەپرسێت: تۆ كاری كشتوكاڵی و پەلەوەری دەزانیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ (من لە كاتی باوبۆراندا دەخەوم). ئەگەرچی خاوەن كێڵگەكە لەو وەڵامە تێناگات، بەڵام لەناچاریدا بەكرێی دەگرێت. دوای چەند ڕۆژ كاركردن، شەوێك باوبۆران هەڵدەكات و كابرای خاوەن كێڵگە لە نیوە شەوی درەنگدا خەبەری دەبێتەوە، دەبینێت باوبۆران هەڵیكردووە، بۆیە دەچێت كرێكارەكە هەڵبستێنێت، تا بەرهەمە كشتوكاڵییە ڕنراوەكان داپۆشن و پەلەوەرەكان بكەنە ژوورەكانەوە، بەڵام دەبینێت كرێكارەكە لێی خەوتووە. ئەویش زۆر بە تووڕەییەوە دەڵێت: كورە هەستە.. كەی ئێستا كاتی خەوە؟! باوبۆران هەڵیكردووە و هەرچی هەمانە ئەمشەو لەناودەچێت. كرێكارەكەش لەسەرخۆ پێی دەڵێت: ئەی من نەمگوت (كە باوبۆران هەڵیكرد، من دەخەوم؟)، كابرا هێندەی تر تووڕە دەبێت. لەتاو بەروبووم و سەروەت و سامانەكەی ڕادەكاتە دەرەوە تا خۆی هەوڵ بدات شتێكی لێ ڕزگار بكات، بەڵام كە دەچێتە دەرەوە، دەبینێت بەروبوومە كشتوكاڵییەكان زۆر بە مەحكەمی داپۆشراون و پەلەوەر و ئاژەڵەكانیش هەموویان كراونەتە ژوورەكانیانەوە!! ئەوكات لەو ڕستەیە تێدەگات كە كرێكارە لاوازەكە پێی دەگوت، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ لای و ناوچاوانی ماچ دەكات و زۆر سوپاسی دەكات.

* قوتابی ماستەر لەیاسای نێودەوڵەتی